"سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری رۆژی سێشەممەش دیدارێکی لەگەڵ (عەبدوڵا گویل) سەرۆک کۆماری تورکیا ئەنجامداو پێشنیاری کرد، لەگەڵ ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکاندا لەناوچە کوردنشینەکان گرنگی بەهەنگاوی ئابووریو کەلتووریو کۆمەڵایەتیش بدرێت"

Politika | AFP | ANSA.it | Radikal | القدس العربي

# پەرلەمانتارێکی ئیسرائیل: تورکیا لەهەرێمی کوردستان کۆمەڵکوژی دەکات

ئا: ئاڵای ئازادی



ماوەیەکە تورکیا کەرتی غەزەو ئیسرائیلیش کێشەی کورد بەرووی یەکتردا دەکێشنەوە.

دوای زیادبوونی گرژییەکانی نێوان ئەنقەرەو تەلئەبیب، پەرلەمانتارێکی ئیسرائیلی تورکیای بەکوشتنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان تۆمەتبار کرد. ئەمەش دوای ئەوەهات کە ماوەی چەند ساڵێکە تورکیا ئیسرائیل بە کوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی لە کەرتی غەزە تۆمەتبار دەکات.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی میللیەت، لەمیانی دانیشتنێکی پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەوروپا کە سەبارەت بە رووداوو پێشهاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رێکخرابوو، پەرلەمانتارێکی ئیسرائیلی لە وەڵامی رەخنەو توانجەکانی پەرلەمانتارێکی تورکیا، ئەو وڵاتەی بە کوشتنی هەزاران هاووڵاتی هەرێمی کوردستان تۆمەتبار کردووە.

(ماعیر شاتریت) پەرلەمانتاری ئیسرائیلی کە وەک چاودێر لە دانیشتنەکەدا ئامادەبوو بە (ئەرۆڵ جەبەجی) پەرلەمانتاری پارتی دادو گەشەپێدانی وتووە، تورکیا لە کاتێکدا وانەی ئەخلاقیان پێ دەڵێ کە لەمیانی پەلامارەکانی بۆ سەر هێزەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان هەزاران هاووڵاتی کوردی کوشتووە.

ئەو پەرلەمانتارە لە درێژەی وتەکانیدا رەخنەی لە سیاسەتەکانی ئەنقەرەش گرتو ووتی "تورکیا رۆن بە نانی حەماسدا دەکێشێ".

شیاوی باسە دوای هێرشی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر کەشتییەکانی گەیاندنی یارمەتی بۆ کەرتی غەزەو کوشتنی نۆ هاووڵاتی تورکیا، گرژییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی.

ماوەیەک بەر لەئێستاش لیبرمان وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل رایگەیاندبوو کە تورکیا لەکاتێکدا کە باسی کەرتی غەزە دەکات باشتروایە ئاگای لە خۆی بێتو مەسەلەی کورد چارەسەربکات.

لە لایەکیتریشەوە دوابەدوای زیادبوونی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەدژی حکومەتی تورکیا، ژمارەیەک لە سیاسەتمەدارانو کەناڵەکانی راگەیاندنی تورکیا وتبوویان کە ئیسرائیل پەکەکەی هانداوە تا لە دژی تورکیا شەڕ بکاتو ئەردۆغانیش وتبووی پەکەکە تەندەرێکی نوێی شەڕی وەرگرتووە، بەڵام سوپای تورکیا بە توندی ئەو ئیدیعایانەی رەتکردەوە کە گوایە ئیسرائیل پەکەکەی هانداوە تا لە دژی ئەوان شەڕ بکات.

# قەباحەتێکیتر...

ئا: ئاڵای ئازادی

یەکێک لە کۆنە وەزیرەکانی تورکیا دەڵێت کاتی دەستەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە نیازبوو ئەو کوردانە سزا بدات کە لە سێ مناڵ زیاتریان هەبووە.

بەمەش تورکیا ویستویەتی نفوسی کوردەکان کەمبکاتەوە.

جێی ئاماژەیە تا ئێستا حکومەتی تورکیا ئامارێکی وورد لەسەر ژمارەی کوردەکان بڵاوناکاتەوەو هەمیشە هەوڵدەدات بە کەم لە قەڵەمیان بدات.

وەزیری ناوخۆی پێشووتری تورکیا ئاشکرای کرد، لە کۆبوونەوەیەکدا داواکرابوو ئەو کوردانەی لە سێ منداڵ زیاتریان هەیە سزا بدرێن.

(سالم ئەنساری ئۆغڵو) وەزیری ناوخۆی پێشووتری تورکیا لەمیانی گفتوگۆیەکدا بەرۆژنامەی رادیکاڵی راگەیاندوە، ساڵی ١٩٩٧ دەستەی ئاسایشی نیشتمانی تورکیا چەند پێشنیارێکی رەوانەی کۆبوونەوەی وەزیرانی حکومەت کردووەو داوای کردووە، ئەو کوردانەی لە سێ منداڵ زیاتریان هەیە سزا بدرێن.

(ئەنساری ئۆغڵو) ئەوەشی باسکردووە کە، لە پێشنیارنامەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە، زاووزێی کوردان رووی لە زیادبوون کردووەو ئەگەر وا بڕوات تا ساڵی ٢٠٢٥ هاووڵاتیانی کورد ٥٠% دانیشتووانی تورکیا پێکدەهێنن.

وەزیری ناوخۆی پێشووتری تورکیا پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی بەپرۆژەیەکی ناشەفاف لەقەڵەمداوەو بەپێویستیشی زانیووە، لەجیاتی ئەنجامدانی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ (عەبدوڵا ئۆجەلان) سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان دانوستان بکات.



# گوتارێکی تازە لە جەهەپە!!

ئا: ئاڵای ئازادی



سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری تورکیا وتی خوێن بە خوێن ناشۆردرێتەوەو ئەمەشە گوتارێکی تازەیە بە نیسبەت ئەو حزبەوە کە لەکاتی دەنیز بایکاڵدا زۆر توندڕەو بوو.

سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری دەڵێ، "ئەوانەی دەیانەوێ بە شەڕو کوشتن کۆتایی بەکێشەی پەکەکە بهێنن هیچ عەقڵو لۆژیکێکیان نییە".

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی رادیکاڵ، (کەماڵ قلچدار ئۆغڵو) سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری لەلێدوانێکدا وتوویەتی، "ئەوانەی ٣٥ ساڵە لەرێگەی شەڕو کوشتنەوە بەنیازن کۆتایی بە پرسی پەکەکە بێنن هیچ عەقڵو لۆژیکێکیان نییە، چونکە خوێن بە خوێن ناشۆردرێتەوە".

سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری رۆژی سێشەممەش دیدارێکی لەگەڵ (عەبدوڵا گویل) سەرۆک کۆماری تورکیا ئەنجامداو پێشنیاری کرد، لەگەڵ ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکاندا لەناوچە کوردنشینەکان گرنگی بەهەنگاوی ئابووریو کەلتووریو کۆمەڵایەتیش بدرێت.

لای خۆشییەوە (گوڵتان کشاناک) سەرۆکی پارتی ئاشتیو دیموکراسی لەلێدوانێکدا پێشوازی لەوتەکانی (قلچدار ئۆغڵو) کردووەو هیواشی خواستووە، پارتی گەلی کۆماری لەسەر بنەمای چارەسەرکردنی کێشەی کورد سیاسەتەکانی داهاتووی خۆی دابڕێژێت.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتە توندڕەوەکەی تورکیا داوای لەسێدارەدانی چەکدارانی پەکەکە دەکاتو درێژە بە وتارە توندەکانی دەدات سەبارەت بە کێشەی کورد.

سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) بۆ بنبڕکردنی کێشەی پەکەکە چەند پێشنیارێکی پێشکەش بە سەرۆک کۆماری تورکیا کرد.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی میللیەت، (دەوڵەت باخچەلی) سەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا رۆژی دووشەممە لەگەڵ (عەبدوڵا گویل) سەرکۆماری ئەو وڵاتە دیدارێکی ئەنجامداوەو لەمیانی دیدارەکەشدا پێشنیارێکی حەوت لاپەڕەیی سەبارەت بەبنبڕکردنی پەکەکە پێشکەشکردووە.

باخچەلی داوایکردووە، جارێکی تر سزای لەسێدارەدانی ئەندامانی پەکەکە بخرێتەوە ناو دەستووری ئەو وڵاتەو پەرلەمانتارانی پارتی ئاشتیو دیموکراسیش کە بە "دەمڕاسی پەکەکە" ناوزەدی کردوون مافی ئەندامێتی پەرلەمانیان لێ بسەندرێتەوە.

(دەوڵەت باخچەلی) بەپاساوی ئەوەی هێزەکانی پەکەکە لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بنکەو بارەگایان هەیە، هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە دوژمنکارانەو "هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگ" لەقەڵەمداوەو داواشی کردووە، بە هەڕەشەو گوشار حکومەتی هەرێم ناچار بکرێت کۆتایی بەبوونی چەکدارانی پەکەکە لە هەرێمەکە بهێنێت.

سەرکردەی پارتە توندڕەوەکەی تورکیا پێشیوایە پێویستە سوپای تورکیا بە مەبەستی لێدانی بنکەکانی پەکەکە بێتە ناو هەرێمی کوردستانەوەو تا لەناوچوونی ئەو پارتەش لە هەرێمەکە نەکشێتەوە.

لەلایەکیترەوە بەنگی یەڵدز ئەندامی پارتە کوردییەکەی پەرلەمانی تورکیا پارتی ئاشتیو دیموکراسیی داوای لە هاوڵاتیانی وڵاتەکەی کرد کە رۆڵەکانیان نەنێرنە سەربازیو هاوکات لەگەڵ ئەوشەدا سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی پارتی ئاشتیو دیموکراسی ئەردۆغانی بەکەسایەتییەکی درۆزنو دووڕوو وەسفکردو داوای لە سەرۆک وەزیرو وزیری ناوخۆی تورکیاو فەرماندەیی گشتی سوپای ئەو وڵاتە کرد کە بە زوترین کات دەست لەکاربکێشنەوە.

لەلایەکیترەوە رۆژنامەی ئیندیپێندنت سەبارەت بە پەرەسەندنی توندوتیژییەکان لە تورکیا وتارێکی بڵاوکردەوەو تێیدا باسی ئەوەی کردوە کە تورکیا نەیتوانیووە ناو ماڵی خۆی رێکبخاتەوە..

رۆژنامەی ئیندیپێندنت چاپی ئینگلتەرا لە ژمارەی رۆژی سێشەممەی خۆیدا سەبارەت بە بارودۆخی ناوخۆی تورکیا بە قەڵەمی پاتریک کۆکبورن نووسیویەتی، لەکاتێکدا تورکیا بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش لە ناوچەکەو سازش پێکردنی لایەنە ناکۆکەکان ئامۆژگاریی دراوسێکانی دەکات، بەهۆی ئەوەی ئامۆژگارییانەی خۆی رەچاو نەکرد نەیتوانی ناوماڵی خۆی رێکبخات.

رۆژنامەکە پەرەسەندنی چالاکیەکانی پەکەکە لە سەروبەندی خۆنواندنی تورکیا وەک زلهێزێکی ناوچەکەی بە نیشانەی لاوازبوونی تورکیا لەقەڵەمداوەو تیشکی خستۆتە سەر ئەوەش، تا ئەوکاتەی تورکیا لە ناو کەلتوورو ئیتنیکە جیاوازەکانی وڵاتەکەیدا سازشێک بەدینەهێنێ، هەوڵەکانی بۆ بوون بەهێزێکی ناوچەیی سەرناگرنو مایەپووچ دەبێت.

رۆژنامەی ئیندیپێندنت لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ئەو گومانەشی وروژاندووە کە پەرەسەندنی شەڕو پێکدادانەکانی تورکیا لەوانەیە کاریگەری سلبی بکاتە سەر رۆڵی تورکیا لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا.